# میشێل فۆکۆ
# لە شێتییەوە تا ڕەچەڵەکناسی

**لە فارسییەوە : دانا عەبدولڕەحمان**



فەلسەفەی (پۆست مۆدێرن) وەکو ئاراستەیەك لە بەرامبەر ئەندێشەکانی مۆدێرنێتەو ڕەخنە بنیاتنەرەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن بە ناوە ئاشناکانی وەکو: (میشێل فۆکۆ، ژان بودریار، ژاك دریدا، ژاك لاکان، ژیل دولوز ...هتد) گرێدراوە.
میشێل فۆکۆ (1924–1984) بیرمەندی فەرەنسایی، بیروڕاکانی خۆی لە ڕەخنەی بوونیادگەرانە لە مۆدێرنێتەدا خستوەتەڕوو، کاری ئەو زیاتر دێریینناسی و ڕەچەڵەکناسی و چەمکەکانی فەلسەفەیە، لەم نوسینەی کە دەیخوێنیتەوە، نووسەر لەپاش پێناساندنی فۆکۆ، بە بەرهەمەکانیەوە سەرگەرمدەبێت.
میشێل فۆکۆ کە ئێستا وەکو یەکێك لە گەورەترین بیرمەندانی سەدەی بیستەم دەناسرێت لە ساڵی 1924 لە پواتییەی فەرەنسا لە دایکبووە، ئەم بیرمەندە ساڵی 1948 بە پلەی بەکالۆریۆس لە فەلسەفە، لە زانکۆی سۆربۆن خوێندنی تەواوکردووەو ساڵانی پاش ئەوە بە نووسینی ( پەیامێك لە دەروازەی شێتییەوە) لە زانکۆی هامبۆگ دکتۆرای

وەرگرت، پاشان بوو بە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی (کلیرمۆنت و کۆلیژ لۆفرانس). یەکەمین نووسینی دیاریکراوی فۆکۆ لەژێر ناونیشانی (شێتی و ژیار:مێژووی شێتی لە چاخی کلاسیکیدا) لە ساڵی 1961 دا بڵاوکرایەوەو تاوەکو سەردەمانی مردنی، واتە ساڵی 1984 زیاد لە (400) دانراوی خۆی بڵاوکردەوە، کە ناوبانگی لە بواری فەلسەفەی فەرەنسایی زیاترکرد و سیمایەکی ئەفسانەیی پێبەخشی. زانست و دەسەڵات و ڕەچەڵەکیەت لەوانەیە گرنگترین ئەو وشانە بن، کە فۆکۆ لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێداون و هەڵیداوە تا بە ڕەوشناسی تایبەت خۆی بە شیکردنەوەیان سەرقاڵبکات، بەڵام لەم نێوانەدا زۆر لە ڕەخنەگران لەم باوەڕەدان کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغ لە ئەندێشەو بەرهەمەکانی دەکرێت بەم شێوازە ڕیزبەند بکرێت:

قۆناغی یەکەم: خولی (دێرینناسی – Archeology)یەکانەو لە درێژەی ئەم قۆناغەدا فۆکۆ شیکردنەوەی تا ڕادەیەك دروستکارانەی لەبارەی توێژینەوەو پەیوەندی خود بەدەستهێنا.

قۆناغی دووەم: دەتوانرێت بە خولی (ڕەچەڵەکناسی)یەکان ناوببرێت کە فۆکۆ لەوەدا بە ئاشکرا لایەنگری مەعریفەی لەخۆیدا نیشاندا، (دێرینناسی) خەریکی گەڕان و لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو پەیوەندی بووە لە وتەکانماندا، بەڵام (ڕەچەڵەکناسی) توێژینەوەکەی پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە.

سەرەتای خولی یەکەم دەکرێت بە (شێتی و ژیار: مێژووی شێتی لە چاخی کلاسیکیدا–1961)بزانرێت. ئەم پەرتوکە دواتر دوو نووسینی گرنگی تری بەدوادا هات، ئەوانیش (لەدایکبوونی






**میشێل فۆکۆ بیروڕاکانی خۆی لە ڕەخنەی بوونیادگەرانە لە مۆدێرنێتەدا خستوەتەڕوو، کاری ئەو زیاتر دێرینناسی و ڕەچەڵەکناسی و چەمکەکانی فەلسەفەیە**


نیچە

کلینیك: ئارکۆلۆژیای زانستی پزیشکی –1963) و (سیستەمی شتەکان: ئارکۆلۆژیای زانستی مرۆیی– 1966). لە ڕاستیدا تاوەکو سەرەتای دەیەی حەفتای زاینی ڕەوشی دێرینناسی هێشتا لای فۆکۆ ئیعتیباری تەواوی هەیە، بەڵام بەو شێوەیە خەریکی خستنەرووی شێوەکانی سانسۆر دەبێت لە وتەزاکانی ژینگە ناسی ئابوری و زانستی مرۆیی و لە سەردەمی ڕێنسانس بەدواوە. لەپاش خولی ڕەچەڵەکناسی دەستی بە نووسینی ( نیچە، ڕەچەڵەکناسی، مێژوو–1971) کرد. نووسینە گرنگەکانی فۆکۆ لەم قۆناغەدا: (چاودێری و سزادان: لەدایکبوونی زیندان–1975 )، ئەگەرچی بە یادهێنەرەوەی پەرتوکی (دێرینناسی) یەکەیەتی. دواین بەرهەمی بەناوبانگی فۆکۆ (مێژوو ڕەچەڵکیەت)ە کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی 1977دا بڵاوکراوەتەوە و بەرگی سێیەمی بەهۆی مردنی نووسەرەوە بە نیوەناچڵی مایەوە، هەروەها بە ئاوێنە نمای تەواوی ڕەچەڵەکناسی فۆکۆیی دەژمێردرێت، ئەوەی لە دێرینناسیدا گرنگی هەیە، زانست، وتەکان و شێوازەکانی هەر چاخێکە. ئێستا کە دەسەڵات و ڕەچەڵەك لە دێرینناسیەکاندا بوونەتە بابەتی سەرەکی لە دواهەمین نووسینەکانیدا. بەم لۆخەش هێڵی پەیوەست و دیار لە ڕەوتی ئەندێشەی فۆکۆدا هەیە، کە باوەڕێکی پتەوی بە نیچە و مارکس و فرۆید هەیەو بە وردی لەژێر هەمان ناونیشادا، ڕۆڵ و کاریگەری هەرسێکیانی لەسەر فەلسەفەی سەدەی بیستەم شیکردوەتەوە. هەڵبەتە فۆکۆ و مارکس بە بیرمەندی گەورە دەزانێت، بەڵام هیچ کاتێك بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا نەچوەتە مەیدانی دەستەو یەخەی توێژینەوەی مارکسێتی، وەکو (لوی ئەلتۆیسر).
فرۆیدیش کاریگەریەکی گەورەو سامناکی لەسەر چەمك و فەلسەفەی سەدەی بیستەم هەیە، کەچی فۆکۆ تەنانەت لە شیکردنەوە دەروونناسیەکانی خۆشیدا کەمتر پشتی بە شیکردنەوەکانی فرۆید دەبەست، هەمان ئەو کارەی کە ژان لاکان دەستی بۆ بردووە، وا دێتە بەرچاو کە نیچە لەم سێگۆشەیەدا جێگەی هەیە. لە ڕاستیدا فۆکۆ چ لە دێرین ناسیەکان و چ لە ڕەچەڵەك ناسیەکانیدا، ڕوانینێکی توندی هەیە بۆ نیچە: (نیچە خۆی بە ڕکابەری خودا دەزانێت، کاتێ باس لە مردنی خودا دەکات) هەر بۆیە بەلای فۆکۆوە سەرپێچی




خودا، واتە سەرپێچی مرۆڤ (دێریندناسی) زۆر بە سادەیی دەریدەخات کە مرۆڤ ئەفرێنراوێکی زۆر کۆن نییە، لەوانەیە کۆتایەکەی نزیك بێت. (سیستەمی شتەکان) لەوانەیە رووکەشی ئەم بۆچوونانە بێت کە نیچە لە (ئیرادەی هێز) دا لایەنی دەسەلاتداران دەگرێت و فۆکۆ لایەنی بەشخوراوان، بەلاَم ئەمە نە هەلگەراوەیەکە نە روانینێکی رەخنەیی فۆکۆیە بۆ نیچە، چونکە کاری فۆکۆ و نیچە خوێندنەوە نییە، بەلکو کاری ئەو نیچە خوێندنە.

ئەگەرچی بەهاو گرنگی فۆکۆ لە دەیەی شەستدا هێشتا لەژێر تیشکی سارتەردا ئارامی گرتبوو، لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینییدا، بووە سیمایەکی جەنجاڵ لە فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسادا و تا سەردەمێکی زۆرناوبانگیلە درەوشانەوەدا بوو، ئەم ناوبانگ و بایەخە لەدوای مردنیشی نەك تەنیا دانەمرکایەوە، بەلکو بە شێوەیەکی سەیر زیادیکرد، ئەمە وێرای ئەو سەدان پەرتوکەی کە دەربارەی کتێبەکانی نووسراون، کۆمەلێك نووسینی گرنگیش دەربارەی خۆی نووسراون، کە لەوانە (میشێل فۆکۆ– دیدیە ئەریبۆنا، 1991)، (ژیانی میشێل فۆکۆ و دیڤد میسی، 1993) و تیشکی میشیل فۆکۆ وە جیمز میللەر، 1993). لەم نێوانەدا پەرتوکی (ژیل دلوز) بە ناونیشانی فۆکۆ (1988) لە درەوشاوەترین شیکردنەوەکانە کە لەسەر ئەندێشەکانی نووسراون. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەو بیرمەندێکە کە فۆکۆ لە ستایشی ئەودا وتبوی: (لەوانەیە رۆژێك بێت ئەم سەدەیە بە سەدەی دلوزی بناسرێت). لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئیعتیبار و ناوبانگی هەمەلایەنەو زۆریش رەهاو بێچەندو چۆن نەبووە. گفتوگۆکانی (جاك دریدا) لەگەڵ فۆکۆ ئەمرۆ لە زۆربەی توێژینەوە پەیوەستدارەکانی بوونگەرایی و بنیاتگەرایی باسێکی ناسراوە. سەرەتای ئەم گفتوگۆیانەش لە راستیدا بۆ رەخنەکانی دریدا دەگەرێتەوە، دەربارەی پەرتوکی (شێتی و ژیار)ی فۆکۆ، ئەم وتارانە دواتر لە پەرتوکی (نووسین و جیاوازی) دریداو لەژێر ناونیشانی (Cogito و مێژووی شێتی) بلاوکرایەوە. دریدا لە بناغەوە رەخنە دەگرێت و دەلێت فۆکۆ زۆر لە بارەی شێتیەوە دەدوێت و کە دەوترێت شێتی مانایەکی روون و راستی هەیە کە ئەوە دەزانین: (شێتی و ژیری لە پەرتوکەکەی فۆکۆدا لە یەك ئاستی هاوبەرامبەر بە یەکتر دەوەستنەوە. هەلبەتە دریدا پەرتوکەکەی فۆکۆی بەلاوە گرنگەو لە زۆر لایەنەوە تواناکانی هەلدەسەنگێنێت).

بەلاَم گرنگترین هێرش بۆ سەر فۆکۆ لەلایەن (ژان بودریار)ەوە بوو، کە خۆی سەردەمێك باوەری بە رەچەلەکناسەکان هەبوو، لە نووسینەکانی یەکەمجاریشیدا کەم و زیاد پەیرەوی لەم شێوازانە کردووە: ( بودریار) لە پەرتوکی (فۆکۆ فەرامۆشبکەن)دا (1977) رەخنەیەکی بێبەزەییانەی لە نووسینەکانی فۆکۆ گرتووەو روانینی ئەو لە بارەی (دەسەلاَت) و (رەچەلەکیەت) زیاد لە هەموو شتێك دەخاتە بەر هێرش و بە باوەری بودریار، دەسەلاَت و رەچەلەکیەت لە زەمەنی ئێمەدا و لە چەرخی پۆست مۆدێرنەدا، ناسنامەی خۆیان لەدەستداوە، دەسەلاَت و رەچەلەکیەت هەردووکیان مردوون.

**سەرچاوە:**

**رۆژنامەی (ازادگان) ژمارە (35).**




گۆڤارێکی فکرییە،
دوو مانگ جارێك دەزگای والا بۆ راگەیاندن و بلاوکردنەوە دەریدەکات

ئایدیا والا

"مرۆڤ ئەو کاتە دەمرێ
کە بیر نەکاتەوە"

ئێستا لە بازاڕدایە